# ئامادەنیم وەکو یاریدەدەر لەگەڵ ڕاهێنەری عێراقی کاربکەم

بەشی دووەم

**رازی شنێشل یەکێك بوو لە یاریزانە هەر بە تواناکانی عێراق کە ساڵانێکی زۆر لە هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکرد و خزمەتێکی بەرچاوی هەڵبژاردەی عێراقی کردووە، رازی شنێشل تەمەن ٤٤ ساڵە، کاتێك یاریزان بوو لە یانەکانی زەورا و قوە جەوییە یاریکردووە، دواتر وەکو یاریزانی پیشەگەر یاری بۆ یانەکانی غەرافە و قەتەر و سەدی قەتەری و شارقە ئیماراتی یاریکردووە، هەروەها یاری بۆ گشت هەڵبژاردەکانی عێراق کردووە، پاشان کە وازی لە یاریکردن هێنا رووی لە بواری راهێنەرایەتی کرد بووە راهێنەری یانەی قوە جەوییە و توانی لە یەکەم وەرزی دا بگاتە یاری کۆتایی خولی پلە نایابەکانی عێراق پاشان بووە راهێنەری یانەی زەورا توانی لەگەڵ ئەم یانەیەش بگاتە یاری کۆتایی خولی پلە نایابەکانی عێراق، پاشان بووە راهێنەری تیپی دووەمی قەتەری قەتەری بەڵام ماوەیەکی کورت لەگەڵ ئەم یانەیە بەردەوام چونکە یەکێتی تۆپی پێی عێراق وەکو راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق دەست نیشانی کرد، رازی شنێشل کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی تەواو کردووە، ئێستا هەڵبژاردەی عێراق خۆی بۆ پاڵەوانیەتی جامی کیشوەرکان ئامادە دەکات لە هەمان کاتیشدا راهێنەرێکی تازە بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەست نیشان کراوە ئەویش بۆرا میلۆتۆنۆفیچی سربیە، ئێمەش بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ یاریدەدەری راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق رازی شنێشل سازبدەین کە تایبەتە بە گۆڤاری گوڵان.**

دیمانە: رێبین رەمزی
rebin1985@yahoo.com



*** لەم ماوەیدا یونس مەحمود لە زۆر لێدوانەکانیدا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ هەوڵی دەدات کاریگەری لەسەر کارەکانی یەکێتی تۆپی پێ عێراق و راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق بکات بە لێدوانەکانی، هۆکارەکەی بۆ چ دەگەرێتە؟**

- یونس مەحمود تەنیا یاریزانە هیچ شتێکی تر نییە، تەنیا دەبێ قسەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق و راهێنەری هەڵبژاردەکان جێبەجێ بکات، دەبێ سنووری خۆی بزانێت، ئەگەر پێشتر هەر یاریزانێك لە سنووری خۆی دەچووە دەرەوە، ئێستا ئەم شتە نییە هەموو یاریزانێك دەبێ سنووری خۆی بزانێ، چونکە ئەوەی رۆیشت نایەتەوە، بەڵام ئێستا تەنیا سەیری ناوی ئەو یاریزانانە دەکەم کە راهێنەری تازە بانگهێشتیان دەکات، ئەو کات هەڵیبسەنگێنم تقیمی هەموو شتێك بکەم بە تەواوی.

*** ئایا ئەو یاریزانانەی ئێستا بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراون لە دوا ڕۆژ گۆڕانکاری تیایدا دەکرێت؟**

- بەڵێ ڕەنگە گۆڕانکاری تیاییدا بکرێت، چونکە ئەو ئۆردوگا مەشقیە کە لە مانگی (٥) ئەنجامی دەدەن ڕاهێنەری تازە سەیری ئاستیان دەکات و بە تەواوی ئاستی ئەم یاریزانانەی بۆ روون دەبێتەوە، بۆیە ئەو کات دەتوانین هەندێك یاریزان دووربخەینەوە و هەندێکی تر بانگهێشت بکەینەوە بۆ هەڵبژاردەی عێراق، ئەمە سەبارەت بەو یاریزانانە کە لە خولی عێراق یاری دەکەن، سەبارەت بە یاریزانە پیشەگەرەکان ئەو کات ڕاهێنەر سەیری ئاستیان دەکات ئەو کات بانگهێشتیان دەکات بۆ هەڵبژاردەی عێراق، ئەرکی من تەنیا زانیاری بدەمە ڕاهێنەر، چونکە بۆرا ڕاهێنەرێکی گەورەیە هەموو شتێك دەزانێت.

*** بۆندت لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراق بۆ چەند ساڵە؟**

- بۆندم لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراق تا کۆتایی جامی کیشوەرەکانە تەنیا موچەش وەردەگرم، پاش جامی کیشوەرەکان ئەگەر یەکێتی تۆپی پێی عێراق داوای نوێکردنەوەی بۆندەکەی لێ کردم، ئەو کات من چەندین مەرجەم دەبێت و پلانی تایبەتی خۆم دەبێت و شێوازی کارکردنی خۆم دەبێت جیاوازە لەگەڵ ئەو بۆندی ئێستام.

*** لە زۆر شوێن ئەوەت ڕاگەیاندووە، کە ئامادە نی لە ژێر چەتری ڕاهێنەری عێراقی لە هەڵبژاردەی عێراق کار بکەی، هۆکاری ئەمە بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت هەموو کەسێك باوەری بە خۆی هەیە کە شتێك بکات لە بواری ڕاهێنەرایەتی چونکە بواری ڕاهێنەرایەتی بوارێکی زۆر گەوریە هەموو کەسێك دەتوانی بە ئارەزووی خۆی کاری تیاییدا بکات، من لە ژێر چەتری زۆرەبی ڕاهێنەرەکانی عێراق کارم کردووە کاتێك کە یاریزان بووم و شارەزای هەموویان بوویمە، دوای ئەوەی یاری تۆپی پێم جێهێشت یەکسەر بوومە ڕاهێنەری یانەی قوەی جەوییە لە خولی عێراق بە چەند یاریزانێکی لاو توانیم ئەم یانەیە بگەینمە یاری کۆتایی بە هەمان شێوە لەگەڵ یانەی زەورا بۆیە دوای ئەو دەستکەوتانم ڕێگا بە خۆم نادەم وەکو یاریدەدری ڕاهێنەر لە ژێر چەتری ڕاهێنەرێکی عێراقی کار بکەم، دواتر ئەمە کار یەکێتی تۆپی پێی عێراقییە ئەو بریار دەدات کێ دەبێتە ڕاهێنەر و کێ دەبێتە یاریدەدری ڕاهێنەر، من بۆیە لە ژێر چەتری ڕاهێنەری بیانی کار دەکەم چونکە شارەزای کارەکانی ئەم ڕاهێنەرە نەبوویمە دەتوانم سوودی لێ وەربگرم، بەڵام ڕاهێنەری عێراقی هەموو شتەکانی دیارە بۆ من و شارەزای گشت پلانەکانیان و کارەکانیان بوویمە، بۆیە کاریان لەگەڵ ناکەم ڕەنگە کەسانی تر ڕازی بن بەم کارە، بەڵام من ئامادە نیمە بە هیچ شێوەییەك ببمە یاریدەدری ڕاهێنەری عێراقی.

*** تێبینی ئەوەمان کردووە ڕازی شنێشل کاتێك دەچێتە هەر یانەیەك وەکو ڕاهێنەر یەکسەر گۆڕانکاری لە یانەکە دەکات، زیاتر بایەخ بەو یاریزانانە دەدات کە لاون، ئایا لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق هەمان سیستەم پەیرەو دەکەیت؟**

- کێشەکە لەوەیە دەچمە هەر شوێنێك، ئەم شوێنە هەموو شتێکی تێك چووە، دەبێ لە سەرەتاوە لەگەڵیان دەست پێ بکەمەوە، بۆ نموونە کاتێك چوومە یانەکانی زەورا و جەوییە ئەم دوو یانەیە ئاستیان زۆر خراپ بوو و جەماوەرێکی یەکجار زۆری لە عێراق هەبوو، کەچی توانیم لە سەرتاوە لەگەڵیان دەست پێ بکەمەوە و دەستکەوتیان لەگەڵ بە دەست بێنم،بۆیە ئەگەر ماوەیەکی باشم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی کار بکەم ئەوە دەتوانم لە ماوەی ساڵدا شتێکی باش بۆ هەڵبژاردەی عێراق بکەم لە دوا ڕۆژدا، چەند یاریزانێکی باش پێرابگەینم.

*** ئایا کار کردنت لەگەڵ یانەکان ئاسانترە یاخود لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق؟**

- بە بیربۆچوونی خۆم کار کردنت لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق ئاسانترە چونکە لەگەڵ هەڵبژاردە بە ئارزووی خۆت یاریزان دەست نیشان دەکەی و یاریزانەکان ئامادەنە و یەکێتی تۆپی پێی هەموو شتێکت بۆ دابین دەکات، کەچی کار کردن لەگەڵ یانەکان بە پێچەوانەوەیە.

*** لەم ماوەیە چەند کێشەیەك بۆ یەکێتی تۆپی پێی عێراق دروست بوو، یەکێك لەم کێشانە هەڵبژاردنە، ئایا ئەمە کاریگەری لە خۆ ئامادەکردنی هەڵبژاردەی عێراق دەکات بۆ جامی کیشوەرەکان؟**

- ئێمە هیچ پەیوەندیکمان بەم کێشانە نییە، یەکێتی تۆپی پێی عێراق ئێمەی لەم شتانە دوورخستەوە، لە هەمان کاتیشدا هەموو شتێکی بۆ دابین کردوین، هەر چەندە وەرزش لە عێراق لە سیاسەت خراپتر بووە هەموو کەسێك بۆ کورسی هەوڵ دەدات، بەڵام ئێمە هیچ پەیوەندیمان بەم شتانە نییە.



دەچمە هەر شوێنێک، ئەم شوێنە هەموو شتێکی تێک چووە، دەبێ لە سەرەتاوە لەگەڵیان دەست پێ بکەمەوە

*** هەندێك کەس دەڵێن ڕازی شنێشل ڕاهێنەری دوا ڕۆژی عێراقە و هەندێکیش دەڵێن ڕازی شنێشل جێگەرەوەی عەمۆ بابایە، ڕای تۆ چییە دەرباری ئەم شتانە؟**

- جێگای شانازییە بۆ من بە هەمان ڕێ ڕاهێنەری گەورە عەمۆ بابا بڕۆم و من یەکێك لە قوتابیەکانی عەمۆ بابەم، بواری ڕاهینەرایەتی بوارێکی زۆر قورسە و پێویستی بە زۆر شت هەیە دەبێ ڕاهێنەر زیرەك بێت، ئێستا من تەمەنم ٤٤ ساڵە و دەتوانم بۆ ماوەی ١٥ ساڵی تر خزمەتی عێراق بکەم.

*** چۆن دەروانیە ئاستی هەردوو یانەی هەولێر و زەورا لە جامی یەکێتی ئاسیا؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت زۆر باوەڕم بە یانەی هەولێر هەبوو کە زۆر بە ئاسانی لە کۆمەڵەکەی خۆی سەربکەوێت، چونکە دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر هەموو شتێکی بۆ دابین کردوون و یاریزانی بە توانا لەم یانەیە یاری دەکات و ڕاهێنەرێکی زۆر باشیان هەیە بۆیە زۆر گوناحە یانەی هەولێر بۆ قۆناغی داهاتوو سەرنەکەوێت، هەر چەندە کۆمەڵەی هەولێر زۆر زەحمەترە لە کۆمەڵەی یانەی زەورا، لەو بروایە دام یانەی هەولێر

سـەردەكەوێ بۆ قۆناغی داهاتوو، سەبارەت بە یانـەی زەورا كۆمەڵەكەیان ئاسـانترە و ئاستیان زۆر باشـە پەنا بەخوا هەردوو یانە سەردەكەون.

**بردنەوەمان لە یاری یەكەم كلیلی سەركەوتنمانە بۆ قۆناغی دووەمی جامی كیشوەرەكان**

*** ئایـا تـۆ لەگەڵ مانـەوەی ڕاهێنەری لێهاتووی جەستەیی فرنادنۆ سواریز لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق؟**

- ئەوەی ڕاسـتی بێت بوونـی ڕاهێنەری لیهاتووی جەسـتەیی لە هـەر یانەیێك یان هەڵبژاردەیـەك زۆر پێویسـتە، بـەڵام بە مەرجێك ڕاهێنەرێكی لێهاتووی جەسـتەیی بە توانا بێت نەوەك تەنیا ناو بێت، ئێسـتا لە عێراق شـتێك باوە هەر یاریزانێكی گۆڕەپان و مەیـدان یان ڕاهێنەری گۆڕەپان و مەیدان دەبێتـە ڕاهێنـەری لێهاتووی جەسـتەیی ئەمەش هەڵەیە، چونكە لێهاتووی جەستەیی لە گۆڕەپـان و مەیدان جیاوازییەكی زۆری هەیە لەگەڵ لیهاتووی جەستەیی لە تۆپی پێـی، بۆیە هیوادارم فرنانـدۆ لەم ماوەیدا لەگەڵ ئێمە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرین لە جامی كیشوەرەكان.

*** چۆن دەڕوانیتە ئاسـتی خولی عێراق بۆ وەرزی ئەمساڵ؟**

- ئاسـتی خولی عێراق مام ناوەندییە و لە هەمان كاتیشدا دەتوانم بڵێم لاوازە.

*** هۆكاری چییە زۆربەی یانەكان كشانەوەی خۆیان لە خولی عێراق ڕادەگەیێنن؟**

- زۆر شـتێكی سـەیرە، ئـەو یانانەی كە پەیوەندییـان لەگەڵ یەكێتـی تۆپی پێی عێراق باشە هیچ شتێك نالێن، بەڵام ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ یەكێتی تۆپی پێی عێراق خراپە هـەردەم ڕەخنە لە یەكێتی تۆپی پێی عێراق دەگرێت، هەڕەشەی كشانەوە دەكات، هەندێـك دەڵێ یاری فلان یانـە دواخرا بۆ یاری مـن دوانەخـرا یاخـود دەڵێن فلان ناوبژیوان پـارەی وەرگرتووە بۆیە گشـت بڕیارەكانـی دژی یانەكەمانە، دەبێ هەموو لایـەك گیانی وەرزشـی بپارێزن، با تۆزێك سەیری چەند سـاڵێكی ڕابردوو بكەین ئایا كەس دەیتوانی قسـەیەك بـكات ئەگەر لە یەك هەفتەدا (٥٠) یارییان بكردابایە یاخود هەڕەشەی كشانەوە لە خولی عێراق بكات؟ نەخێر كەس نەیدەتوانێ و هەموویان دەترسان، ئێمە پێشـتر كاتژمێر (١) نیـوەڕۆ یاریمان دەكرد لە وەرزی هاویـن و بەیانیان یاریمان دەكرد، بەڵام ناچار بووین، كەچی ئێستا هەر كەسـێك هەڵدەسـتی و دادەنیشی هەڕەشی كشاندنەوەی لە خولی پلە نایابەكانی عێراق دەكات، هەر چەندە یەكێتی تۆپی پێی عێراق هەڵەی هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەیە نییە ئەم هەموو شـتە ڕوودبدات لە خولی عێراق، دەبێ ڕاهێنەری یانەكان و دەستەی كارگێڕی یانەكان زانستیانە مامەڵە لەگەڵ دۆڕاندنی یانەكانیان بكەن بزانن هۆكاری دۆڕاندنە بۆ چ دەگەڕێتەوە.

*** چـۆن دەڕوانیـە دەسـتەی كارگێڕی یانەكان؟**

- ئەوەی ڕاستی زۆربەی دەستەی كارگێڕی یانەكانی عێراق بە سەرۆك یانەوە هەموویان هاندەرن كۆنترۆڵی یانەكانیان كردووە، ڕێژم بۆ هەندێك لە دەستەی كارگێڕی یانەكان هەیە كە زانستییانە كار دەكەن و ئەندام و سەرۆك یانە وەرزشـوانن، بەڵام ئەوانی تر هەموویان هاندەرن چ لە وەرزش نازانن، بوینە ئەندامی دەستەی كارگێڕی یانەكان، بەڵگەشم ئەوەی لە هەمـوو یارییەكان دەسـتەی كارگێڕی یانەكان هانـی یاریزانەكان و جەماوەر دەدەن كە دەسـتدرێژی لە ناوبژیوان و یاریزانانی تیپـی بەرامبەر و یەكێتی تۆپی پێی عێراق دەكەن و هەروەها لێدوانەكانیان هەموو قسەی كەسێكە كە هیچ شتێك لە وەرزش نەزانێت، بەڕاستی ئەمە كارسـاتە ئەگەر وا بڕوات تۆپی پێـی عێراق بەرەو خراپتری بەسـەر دێت.

*** چۆن دەڕوانیە كۆمەڵـەی هەڵبژاردەی عێراق لە جامی كیشـوەرەكان، ئایا تا چەند هەڵبژاردەكانتان خوێندۆتەوە؟**

- كۆمەڵەكـەی ئێمە ڕوون ئاشـكرایە بۆ هەمـووان، چونكە هەڵبژاردەی ئیسـپانیا دیار هەموو كەسـێك دەزانی ئاستیان چۆنە و یاریزانەكان ئاسـتیان چۆنە، هەڵبژاردەی ئەفریقیای باشوور سـەیری دوو یاری ئەم هەڵبژاردەم كردووە لەگـەڵ هەڵبژاردەكانی نەرویـج و پورتـوگاڵ كە هـەردوو یاری دۆسـتانە بوو، سـەبارەت بە هەڵبژاردەی نیوزلەندەش ئەویش یارییەكی دۆسـتانەی لەگەڵ هەڵبژاردەی تایلاند كرد، سـەیری ئەو یارییەشم كرد، بۆیە زانیارییەكی تەواوم لەسەر هەر سـێ هەڵبژاردەكە هەیە، یاری یەكـەم كلیلی سـەركەوتنمانە بۆ قۆناغی دووەمی جامی كیشوەركان.

***چ قسـەیەكت هەیە ئاراستەی جەماوەری وەرزشی عیراق دەكەی؟**

- داوایـان لێ دەكەم پەلەمان لێ نەكەن، لە جامی كیشـوەرەكان هەڵبژاردەیەك دروست دەكەیـن دەبێتە هەڵبـژاردەی دوا ڕۆژ و لە ماوەیەكی كورتدا لەو باوەڕە دام هەڵبژاردەی عێراق بگەڕێتەوە ئاستی جارانی خۆی.

*** دوا وتەت چییە؟**

- هیـوای سـەركەوتنتان بۆ دەخـوازم لە كارەكانتان و پەنا بەخوا ئێمە دەبینە جێگای متمانەی هەموو عێراقیەكان.



### راهێنەری یانەی لیڤەرپوول:

# بیرو هۆشم لەگەڵ لیڤەرپووله و گرنگی به قسه و پڕۆپاگەندە نادەم



ئەو کاتەی راهێنەری ئیسپانی رافائیل بنتیز ساڵی (٢٠٠٤) هاتە یانـــەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی هەندێك لە خۆشەویستانی یانەی ناوبراو وای بۆ دەچـــوون کە جامی وەرزی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) بۆ لیڤەرپـــوول دەبێت و چاوەڕوانی ئەوەش بوون کە زۆرترین نازناویـــان بۆ کۆبکاتەوە، ئەم راهێنەرە توانـــی ناوبانـــگ پایە بە پایـــە وەربگرێ کە پێشـــتر وەکو یاریزان نەیتوانیێ بە دەستی بهێنێ کە ئـــەو کاتەی بە دوای تـــۆپ رایدەکرد، لە یانەی لیڤەرپـــوول توانی کۆمەڵێك یاریزانی بە توانا دروســـت بکات و کەســـایەتی خۆی پێ بە جیهان ناســـاند و بووە یەکێك لە راهێنەرە بە ناوبانگەکانی ئەورووپا لەتەك پورتوگالی جۆزی مۆرینهۆ سەرەرای ئەوەی جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە لەگەڵ ئەو راهێنەرە، بینێتز یەکێکە لـــەو راهێنەرانەی کە بـــە نهێنی و بێ دەنگی کاری خۆی دەکات هیـــچ پەلەش ناکات و لە کارەکانیشی ماندووبوون نازانێ ئەم راهێنەرە لە (١٦-٢-١٩٦٠) لە شـــاری مەدرید چاوی بە دونیا هەڵهێناوە و لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی بووینە و فرانشـــیکۆی باوکی لـــە کارگێڕی مۆتێلەکان کاریکردووە و ساڵی (٢٠٠٥) کۆچی دوایی کردووە ئەو کاتەی بینتێز لەگەڵ یانەی لیڤەرپـــوول لە ژاپۆن بەشـــداری لە مۆندیالی یارییەکان دەکرد، ئێمەش بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لە فایلی وەرزشی بڵاوی بکەینەوە.

**کۆتایی ئەستەمبۆڵ خۆشترین ساتم بوو هەرگیز لەبیری ناکەم**

*** باسـی ئەوەمان بۆ بکە چـۆن توانین ئەو گۆڕانکارییە لە یانەی ئەنفێلد بکەی؟**

- ناتوانم قسە لەسـەر خۆم بکەم، ئەمە کاری کەسانێکی دیکەیە، ئەوەی لای من گرنگە کە پەیوەندییەکانم ئاسایی بکەمەوە و هەڵسوکەوتم لەگەڵ جەماوەری وەرزشی یانەکەم باش بکەم و هەموو توانایەکەم بۆ ئەو یانەیە دەخەمە گەڕ و هـەوڵ دەدەم هەموویان لە یەك کاتدا لە خۆم رازی بکەم.

*** ئەو شتە باشەی لە تۆ بە دی دەکرێ؟**

- کارکردنم بە شـێوەیەکی راسـت و دروست و هەوڵ دەدەم هەمـوو توانایەکەم بخەمە خزمەت ئـەو یانەیە بەرو لوتکەیـان ببەم، ئێمەش باش دەزانین گەیشتن بە لووتکە چەند سوودی هەیە بۆ گشـت لایەك و هەموومـان ئامادەبن ئەو باجە بدەین، بە دەسـتهێنانی ئـەم نازناوانە بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە کە لە دەوروبەرم کار دەکەن و وەفـاداری بۆ یانەکەیان و هەر چییەکم بوێ بۆم دابین دەکرێ.

*** لـە چوار وەرز چوار نازناوت بە دەسـتهێنا کامیان لای تۆ گرنگترە؟**

- بـێ گومان خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لای من گرنگیەکی زۆری هەبوو و بە رای من و بە بۆچوونی پسـپۆران کۆتایی ئەستەمبوڵ خۆشـترین کۆتایـی بـوو لە مێـژووی ئەم پاڵەوانیەتیە و خودی خۆم قەت ئەم یادەم لەبیر ناچێ، وەرگرتنی نازناوی جامی ئینگلتەرەی سـاڵی (٢٠٠٦) ئەویـش زۆر گرنگ بوو کە دوای ماندووبونێکـی یەکجـار زۆر هات، با خەڵـك ئەوەش بزانێ دوای چـوار نازناو ئێمە بەشـداریمان لە حەوت کۆتایی کردووە ئەمەش شـتیکی ئاسـان نییە بۆ نموونە فێرگسـۆن چاوەڕوانـی حەوت وەرزی کـرد تا نازناوێکی بـردەوە کە چی من لـە یەکەمین وەرزم توانیم ببمە پاڵەوانی خولی یانەکانی ئەوروپا.

*** هەستت بە چی کرد کە لە یاریگای کۆنت ریال مەدرید یاریت کرد؟**

- هەسـتم بە خۆشـیەکی یەکجار جوان دەکەم کە هـەر جارێك لەو یاریگایە یـاری بکەم و هەستیشم بەوە دەکرد کە یادەوەرییەکانم دەهاتەوە بیر لەگەڵ برادەرەکانم کە هاندەرم بوون.

*** چوونت بۆ ئەو یاریگایە تەنیا سەردان نەبوو بەڵکو توانیت سەرکەوتنیش بە دەستبهێنیت؟**

- من هیوادارم هەردەم لە یاریگا بەناوبانگەکان یاری بکەم ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی جوان و بە سوودە ئاواتم ئەوەیە بە بەردەوامی لە یاریگای بیرنابیێو یـاری بکەم نابێ ئەوەش لەبیر بکەین ئەو کاتەی لە یاریگای ( نیوکامپ) بەرامبەر بارسـا یاری دەکەین ئەمـەش تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە من تەنیا ئاواتم ئەوە نییە یاری لـەو یاریگایانە بکەیـن بەڵکو ئاواتی گەورەشم ئەوەیە سـەرکەوتن بە دەست بهێنم و خەڵك لێم رازی بێت کە ئەمەش شـانازییە بۆ من.

*** هەستت بە چی کرد کە جەماوەر بە قسەی ناشـیرین پێشـوازییان لە تۆ کرد و لە هەمان کاتیشدا تۆیان بە تاوانبار لە قەڵەمدا؟**

- من وەکو راهێنـەری لیڤەرپوول کارم کردووە و هیچ کاتێکیش گوێ لە قسەی کەس ناگرم کە لەسـەر پەیژەکان توانج لە کەسـایەتی من دەدەن کە دووره لە خۆرەوشـتی وەرزشـی من ئـەوەش لەبیر ناکەم کە کاتێـك لە یانەی ریال مەدرید یارییم کردووە و بوویمە راهێنەری لاوان و تازەپێگەیشـتووانی ریال مەدرید بوویمە، بە پێچەوانەوە من هەسـت بە خۆشیەکی بێ وێنە دەکەم و خۆشحاڵم کە بەو شتانەی لە یانەی ریال مەدرید فێربووم و توانیم کەسـایەتیەکی بەهێز بۆ خۆم دروسـت بکەم، من ئێستا راهێنەرێکی پیشـەگرم دەبێ هەڵوێستی خۆم وا نیشان بدەم کـە وەفادارم بۆ یانەکەم و خەڵکیش بە تەواوی لە هەڵوێستی من دەگەن.

*** دەکرێ بزانین تۆ هۆکاری سـەرەکی بوویت لەو سـەرکەوتنەتان بەسـەر ریـاڵ مەدرید بە ئەنجامی (٤-٠) گۆڵ؟**

- مـن راهێنەرێکی پیشـەگەرم لـە یانەی لیڤەرپوول ئەوەی من دەمـەوێ تەنیا یانەکەم ئاستێکی بەرز نیشان بدات و لە هەمان کاتیشدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێ، ئینجا بەرامبەر هەر یانەکەیـش یاری بکەین، ریال مەدرید لە یاری لەگەڵ ئێمە چانسی باش نەبوو.

*** هێنانی خوانـدی رامۆس نەبووە نیگەرانی**

**ئاواتم ئەوەیە لە یاریگا بەناوبانگەکان یاری بکەم و سەرکەوتن بەدەست بهێنم**



**تۆ ، لە ناکاو و لە دەرگای پشتەوە خولی ئینگلیزی جێهێشت؟**

- من نامەوێ هیچ قسەیەك لەسەر بریاری یانەی ریال مەدرید بکەم، چونکە ئەوان بەرژەوەندی خۆیان لە هەموو کەسێك باشتر دەزانن و کێ لە بەرژەوەندی خۆیان کار دەکات.

*** قسە وباس هەبوو کە پێش رامۆس یانەی ریال مەدرید پەیوەندییان بە تۆوە کردبوو؟**

- بە پێکەنینەوە گوتی: من خۆشحاڵم و تا ئەم کاتەش من لە لیڤەرپوولم و من وەکو راهێنەر خۆشحاڵم یانەیەکی وەکو ریال مەدرید بیر لەوە بکاتەوە کە من بکاتە راهێنەری یانەکەی ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە یانە زلهێزەکانی جیهانی چاودێری من دەکەن و هەوڵی هێنانم دەدەن و من ئێستا لەگەڵ یانەی لیڤەرپوولم و گرنگی بەو قسە و پڕۆپاگاندانە نادەم.

*** ئایا ئەمە دەبێتە خەونێك بۆ تۆ کە بێتە راهێنەری یانەی ریال مەدرید؟**

- من ئێستا لەگەڵ یانەی لیڤەرپوول بەردەوامم بۆیە ناکرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە بیر و هەست و هۆشم لەگەل لیڤەرپوولە و هەوڵ دەدەم چۆن تیپەکەم ئامادە بکەم و نازناوەکان کۆبکەمەوە و ئێستاش کاتی خەون و ئاواتی دیکە نییە.

*** نوێکردنەوەی بۆندت لەگەڵ یانەی لیڤەرپوول بۆ (٥) ساڵی دیکە هەواڵێکی ناخۆش نەبوو بۆ ئەو یانانەی بە نیازی هێنانی تۆ بوون؟**

- من لەو کەسانە نیمە نامەی ناخۆشی بۆ کەس بنێرم من مرۆڤێکی راستگۆم لەقسە و کارەکانم، نوێکردنەوەی بۆندم پەیوەندی بە دوا رۆژم هەیە لەو یانەیە کە یانەیەکی بەناوبانگە.

*** بۆ دوو دڵ بوویت لە نوێکردنەوەی بۆندەکەت؟**

- ئەمە نابێتە ئاشکراکردنی نهێنیەکان کە بڵێم دەنگۆ باس هەبوو کە یانەی لیڤەرپوول بفرۆشرێ لەم دوو ساڵەی دواییدا من نەمدەزانی کێ دەبێتە بەرپرسم و سەرۆکم دواتر لە راستیەکان دەرکەوت و منیش بێ دوو دڵی بۆندەکەم نوێکردەوە.

*** هەندێ کەس دەڵێ لەبەر نەبوونی داهات بۆ هێنانی یاریزانان تۆ دوو دڵ بوویت لە نوێکردنەوەی بۆندەکەت؟**

- کارەکە وانەبوو کە لە رۆژنامەکان بڵاوکرابۆوە، من ناتوانم نرخ بۆ هێنانی یاریزان دابنێم، بەڵام هەندێ خاڵ هەیە پێش مۆرکردنی بۆند دەبێ من بزانم و راو بۆچوون لەگەڵ دەستەی کارگێڕی ئاڵ و گۆڕ دەکەین و من لە کۆتایدا ناوی لیستێکم بە یاریزانەکان پێشکەش بە یانە کرد و خۆیان پەیوەندییان پێوە دەکەن.

*** پێشتر دەتگوت کە بیبی رینا باشترین گۆڵچییە لە ئیسپانیا، ئایا ئێستا وای بۆ ناچی کە کاسیاس باشترین گۆڵچیە؟**

- رینا گۆڵچی لیڤەرپوول و ئێمە و منە بۆیە لای من هەردەم باشترین گۆلچیە و بۆ نابێ نکۆڵی لەبوونی کاسیاس بکرێتەوە کە رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە سەرکەوتنەکانی ریال مەدرید لە خولی ئیسپانیا بە هەموو پێوەرێك گۆڵچییەکی زۆر باشە و لەسەر منە وەکو راهێنەرێکی پیشەگر دان بەو راستیە بنێم و ماوەی چەند ساڵێکە لە ئاست بەرزی دایە و چەند ساڵێکی دیکەی لە دوا رۆژ ئاستی باشتر دەبێت ئەوەشتان لەبیر نەچێ دەبێ من هاندرێ گۆڵچی خۆم بم.

*** گەڕانەوەی تۆرێس لە پێکان هیچ سودێکی هەبوو؟**

- بە تەئکید کە یاریزانێکت هەبێ لە ئاستی تۆرێس کە سوودێکی زۆری بۆ ئێمە هەیە دەبێ بزانین کە ئێستا کلیلی نازناوی وەرزی ئەمساڵ لە دەستی مان یۆنایتدە، تۆرێس هەر جولانەوەیك لە یاریگا دەکات مەترسی دەخاتە دڵی رکابەرەکانی و رێگای گۆڵ بۆ ئێمە ئاسان دەکات و دەتوانێ بە زووترین کات کێشەکان چارەسەر بکات.

*** زۆر کەس دەڵێ گەر جیرارد و تۆرێس یاری نەکەن لیڤەرپوول تووشی کێشەیەکی گەورە دەبێت؟**

- من گرنگی هەموو یاریزانێك دەزانم کە سەرەکی بێت و یان یەدەگ بێت هەروەها خاڵی لاواز و بەهێزیشیان دەزانم چونکە من رۆژانە لەگەڵیاندا دەژیم بەرای من یاریزانانی لیڤەرپوول ئەستێرەن و بە بەردەوامی هەوڵ دەدەم لێکیان نزیك بکەمەوە جیاوازی لە نێوانیان ناکەم.

*** هەندێ کەس گلەییان لە تۆ کرد ئەو کاتەی جیرارد لە لایەن پۆلیسەوە گیرا بەرگریت لێ کرد؟**

- بەم هەڵوێستە نیگەران بووم، هەندێك کەس بۆچوونی خۆیان هەیە لەسەر ئەم کێشەیە پەلەیان دەکرد لە وەرگرتنی بڕیار دواتریش دەرکەوت کە جیرارد لەو کارە ئاگادار نییە و تاوانباریش نەکرا و کامیراش وێنەی هەموو شتێکی دەگرت ئێمە نابێ وا بە ئاسانی یاریزانێکی ناودار تۆمەتبار بکەین، جیرارد یاریزانێکی بەناوبانگە ئەو کاتەی لەو شوێنە بووە تەنیا بۆ بیستنی مۆسیقا بووە لەگەڵ برادەرەکانی.

